# ئەندامانی پەرلەمان... بڕێ پارە بۆ ئێمەش داواکەن

***سەنگەر زراری***

[Sangarz81@yahoo.com](mailto:Sangarz81@yahoo.com)



فەرمانبەر یان بەردەستێکی داماو کە مووچەکەی 100 هەزار دینارە, چوار مانگە لەسەر سگ رادەکێشرێ و لەچاوەڕوانیدایە, گوایا حکومەت 60–70 هەزار دینار دەخاتە سەر مووچەکەی, ئەگەر فەرمانبەرە پلە نزمەکە لە شوێنێکی تریش دامەزرابێت و دوو مووچەی هەبێت, بە پێی بڕیاری حکومەت, دەبێ خێرا خۆی بگەیەنێتە بەشی کارگێڕی یەکێك لەم دوو شوێنە و ناوی خۆی بسڕێتەوە, چونکە نابێ لە دوو شوێن مووچە وەرگرێ, ئەگەرنا (بەپێچەوانەوە خۆی بەرپرسیار دەبێ!!!), بەڵام بۆ بەڕێوەبەر یان بەرپرسی ئەم فەرمانبەرە, ئاساییە کە لە شوێنێك بەرپرس یان بەڕێوەبەری فەرمانگەیەك بێت و... لە شوێنێکی تر راوێژکار و... لە جێگایەکیش سەرۆکی رێکخراوێك بێت و... ئەندامی چەند لێژنەیەکیش بێت..., چونکە ئەم بەڕێوەبەرە سوپەرمانە و دەتوانێ چەند کارێك لە یەك کاتتدا بەیەکەوە ئەنجام بدات, بەڵام فەرمانبەر زۆر لەوە بچووکتر و بێتواناترە کە چەند کارێك بەیەکەوە بکات و بۆی نییە لە یەك مووچە زیاتر وەرگرێ (کە بەشی کرێی خانووەکەی ناکات).

بەردەست و چایچی دامودەزگاکان کە مووچەکەیان بەشی کرێی هاتووچۆیان ناکات, لە دوای دەوام هەندێکیان لە بازار و شوێنە گشتییەکاندا, لە سەر عەرەبانەیەك یان لەسەر شۆستەیەك هەندێ کەلوپەلیان بۆ فرۆشتن داناوە, بەڵام لێیان قەدەغە دەکرێت و رۆژانە دەردەکرێن و ئیهانە دەکرێن (رەنگە ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەبێت کە ئەوانیش نابێ لە دوو شوێن پارە وەربگرن, بەڵکو دەبێ تەنها بە مووچەکە رازی بن!!!)

ئەندامانی پەرلەمان کە نوێنەری ئەم فەرمانبەر و بەردەست و چایچی و خەڵکە داماو و هەژارەن و ئەم خەڵکە چاویان لە دەستی ئەوانە تاکو جاربەجار لەپەرلەمان باسیان بکرێ و بیر حکومەت بکەونەوە, کەچی ئەم بەڕێزانە لەبەر ئیمتیازاتەکانی خۆیان ئاگایان لە میللەت و لە بڕیارەکان نییە "زۆربەی بڕیارەکانی پەرلەمان کە دەخرێتە دەنگدانەوە, نیوەی لە برسا دەست بەرز دەکەنەوە و نیوەکەی تریشی لە ترسا", ئەمەش قسەی من نییە, بەڵکو قسەی بەڕێز محەمەدی حاجی مەحمودە لە چاوپێکەوتنێکی ژمارە (62)ی 2007/3/27 ی رۆژنامەی ئاوێنە کە خۆشی ئەندامی پەرلەمانی کوردستانە.

ماوەیەك پێش ئێستا هەواڵی ئەوە بڵاوبووەوە کە هەندێ لە ئەندامانی پەرلەمان ماڵیان لەناو هەولێرە و خۆیان بە دەرەوەی هەولێر ناونووس کردووە, بۆئەوەی دەرماڵەی دەرەکییان پێ بدرێت.

لەماوەی ئەم چوار مانگەی کە فەرمانبەران چاوەڕێی ئەوەن 60–70 هەزاری بریمەر بێتە سەرمووچەکەیان و شەو و رۆژ چاو لە رۆژنامە و تەلەفزیۆنەکان دەبڕن و گوێ بۆ رادیۆکان شل دەکەن, ئاخۆ کەی هەواڵی ئەم زیادکردنە بڵاوبکرێتەوە, فەرموون بزانن لەم ماوەیەدا ئەندامانی پەرلەمان چییان بۆکراوە.

– هەر ئەندام پەرلەمانێکی کوردستان بڕی (40) ملیۆن دینار کە دەکاتە 3 دەفتەر و 700 دۆلاری وەرگرتووە بە مەبەستی کڕینی ئۆتۆمبێل –رۆژنامەی ئاوێنە, ژمارە (58), 2007/2/27.

– سەرۆکی حکومەت ژمارەیەکی زۆری مۆبایلی LG ی دەکڕێت و بەدیاری دەیدات بە سەرجەم پەرلەمانتار و وەزیر و بەڕێوەبەرە گشتییەکان "بە پێی هەواڵەکە نرخی هەر مۆبایلێك (260) دۆلارە" –ئاوێنە, ژمارە (61), 2007/3/20.

**- بەبڕی (840) دەفتەر دۆلار باڵەخانەیەکی زەکەریا بۆ پەرلەمانتارەکان دەکڕدرێت.....ئەو باڵەخانەیە لە (56) شوقە پێکهاتووە و نرخی هەر شوقەیەکی نزیکەی (150) هەزار دۆلار بووە و بەر لە مانگێك پارەکە تەسلیم کراوە –ئاوێنە, ژمارە(63), 2007/4/3.**

**کەواتە لە ماوەی دوو مانگدا, لە نێوان مانگی (2–4) ئەندامانی پەرلەمان باشترین ئۆتۆمبێل و مۆبایل و خانوویان بۆ کڕاوە, کەچی فەرمانبەرانی هەژار چوار مانگە "لەچاوەڕوانی گۆدۆ"دان بۆ زیادکردنی بڕێ مووچە و ئەندامانی پەرلەمان جارێك عەزییەتیان نەکێشا بۆ ئەم مەبەستە دەست بەرزکەنەوە...بەڕاست شتێکیشم بیستووە, دەڵێن بەتەمان بایعی ئەندام پەرلەمانەکان بڕن!! توخوا مەیبڕن گوناهن!!!.**